www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 12-2-2006 10:52

# (هەلاج) قەلەمەکەی سۆرانی لێ بوە بە قەمە! ... نامیق عەبدوڵلا

ئەگەرچی هەندێك لەوانەی دەنوسن و بابەت بلاودەکەنەوە بانگەشە بوئازادی بیرو ڕا دەکەن و خویان بە ئازادی خواز دا ئەنێن، بەڵام کە دێتە سە ر ئەمری واقع وشتێك دەبینن جیاواز لە ڕاو بۆچونی خویان یەکسەر توشی هەلچونی دەرونی دەبن وهەزار ناونەتۆرە دەخەنە پاڵ بەرامبەر. بەهەرحاڵ ڕەنگە ئەمە پەیوەندی بەپەروەردەیانەوە هەبێ. بەڵام ئەوەی مەبەستمە باسی بکەم ئەو هەڵچونەیە کە مەنسوری هەلاج توشی بووە بەرامبەر نوسینێکی سوران عومەر، کەتیایدا نارەزای خۆی بەرامبەربەکتێبەکەی مەریوان هەڵەبجەی دەربڕیوە. گە رچی کتێبەکەی مەریوان قسە زۆر هەڵدەگرێت بەڵام من چەند بەراوردێك و چەند تێبینیەکم هەیە بۆئەوەی بزانین قەلەمەکەی سۆران قەمەیە یان هەلاج لەو قەڵەمە ترساوەو لێ ی بووە بە قەمە. هەرچی کتێبەکەی مەریوانە ئیهانەو سوکایەتی کردنە بە ئیسلام وموسوڵمانان و موقەدەساتی خەلك. بەڵام نوسینەکەی سۆران نەسوکایەتی ونەئیهانەیە بەڵکوئیدانەکردن ورادەربڕینە (ئازادیشە پشتگیری بۆ ئەو ئیدانەکردنە بەدەست بێنێت) . بۆمەریوان ئازادە کتێبێك بنوسێت لەسەر موقەدەساتی خەڵك بۆسۆران ئازاد نەبێ ڕای خۆی دەرببڕێت. بۆهەزاران کەس پشتیوانی لەمەریوان بکەن بۆکەس نەبێ پشتیوانی لە ئاینەکەی بکات. بۆچەند دێرێکی سۆران قەمەبێت. بۆکتێبێك دژی زیاتر لە یەك ملیارکەس خەندەبێ و ژەهر نەبێ. مامە هەلاج تۆبڵی ی ئەوئالآیەی عێراق بەسەر پەیکەرەکەی عومری خاوەرەوەیە سۆران هەڵی کردبێ یان... ! بروابکە لەئیشی ئەوناچێ، ڕەنگە تۆو مەریوانەکان لێتان گۆرابێ لە گەڵ ئالآکەی کوردستان. زۆر لام سەیرە وا زوو هەڵجوی و سۆرانت لێبووە بە خێو. زۆریش سەیرتر کاکە ی هەلاج لە کۆتایی باسەکەت لەبابەتەکە لات داوەو داخی خۆت بەئیسلام دەرێژیت. من وەلامی قسەکانت نادەمەوە بەڵام باش بزانە ئاین وموقەدەساتی خەلك هەرچیەك بێت بە ئیهانەو تەشهیر ناشرین نابێ. ئەگەر نەخەوتوی سەیرێکی دنیا بکە بزانە بۆ چەند وێنەیەکی کاریکاتۆری چی رویداوە و چی دەکرێت. لەهەمان کاتدا لەتۆپێشکەوتوترو عەلمانی تر ئیدانەیان کرد. خۆکتێبەکەی مەریوان دەیان ئەوەندەی زیاتر تیایە. بۆ بۆ نارەزاییەك دەرونتان گرژ دەبێت. بۆپێتان ڕەوانیە بڵندگۆیەك هەبێت بۆ ڕا جیاوازەکان!. کاکە ی هەلاج کاك عومەر فارس بێئاگا نیە لە سایتەکەی ئێوەبێئاگان لەدنیا، یان دەتەوێ کاك عومەریش بەچاو و ئەقلی تۆ نوسین بلاوکاتەوە. خۆسایتەکەی بۆئێوە تەرخان نەکردووە. خاڵەی هەلاج بروابکە مانای ئازادی نازانی ورەنگە بە س بیستبێتت و لە بەر خۆتوە بیلێیتەوە. چونکە هەر قەمە مرۆڤ ئازارنادات، بەڵکو کتێب و وێنەو هەزاران وەسیلەی تر هەن کە هەست و نەستی خەڵکی پێ بریندار دەکرێ ودەنگیانی پێخەفەدەکرێ. چیتر کەمێ گوێ لەبەرامبەر بگرەو بزانە چەند نابەرامبەری. بیرلە هۆکارەکان بکەرەوەو بزانە دەبنە هۆچی. سلێمانیش شاری هەمومانە وئازادیشین چی بڵێین وچی بنوسین بەڵام ڕەنگە تۆ لەوێ نەبی نەزانی باوی (قەمە) نەماوە. بۆ ساڵانی حەفتاکەشت دەزانم یادەوەریت لەگەڵ حەفتاکان هەیە ئەو عەیامە گوزەشت.

Namiq80@yahoo. com